وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ۱۰۸۹
ڕێکەوت : ۲۳ / ٤ / ۲۰۲٤

---

**بانگهێشتی کەمکردنەوەی سنووردار**

**ژمارە(GP.10- 2023) تەندەری پرۆژەی**

**(ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ گەڕەکی ئەوبەری لە قەزای کفری وە ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی ڕاپەرین لە ناحیەی ڕزگاری ) بۆ جاری سێیەم**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە**

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەڵێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە , کە ئامـــادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـــوەبەرایەتی ئـــاوی دەوروبەری گەرمیـــان ) , لەســـەر بـــودجەی وەبەرهێنـــانی وەزارەتـــی شـارەوانی گەشـت و گـوزار جێبەجـێ دەکرێـت , هەرکەس ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیە بـا سـەردانی ب.ژمێریـاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . مـاوەی جـێ بەجێکردنـی پـرۆژەکە (۱۲۰ ) سـەد وبیسـت ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوەیە سنووردارە , بەپێی ماددەی ( ۳۹ ) برگەی ( پێنجەم ) لە ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە گشتی یەکان ژمارە( ۲ ) ساڵی (۲۰۱٦) جێ بەجێ دەکرێت .
- وەرگرتنـی تەنـدەر لە ڕۆژی ( چـوار شـەممە ۲٤ / ٤ /۲۰۲٤)ەوە دەسـت پـێ دەکـات تـا ڕۆژی ( پێـنج شـەممە ۹ / ۵ / ۲۰۲٤) کاتژمێر ( ۹ )ی سەر لە بەیانی تا ( ۱۱:۰۰ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بێ بەرامبەر دەبێت بۆ هەر کۆمپانیا و بەڵێندەرێک لە خۆی ڕادەبینێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (دوو شەممە ۱۳ / ۵ / ۲۰۲٤) کاتژمێر (۱۱:۰۰ )ی پـێش نیـوەڕۆ یە و ڕۆژی ئاشکرا کردنـی تەنـدەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (۱۱:۰۰)ی پێش نیوەڕۆ یە و لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان بکەن .
- مەرجەکان:

۱- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ۲ تا ۹ ) بێت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

۲- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەکـانی تەنـدەر دا هەیە پێویسـتە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند کرابێـت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان .

۳- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (۹۰) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (۲۰۲٤) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسـراوی سـپاردن بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی بە هۆکـاری پێویسـت هەڵبووەشێنێتەوە .

۷- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

جلال نوری عبدالقادر
سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/بەوەکالەت